# زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر

## كۆلێژی ئەدەبیات

## بەشی فەلسەفە

## قۆناغی چوارەم

## فەلەسەفەی زانست

## مامۆستای بابەت:  بەختیار كەریم

# کارڵ پۆپەر

لەم بابەتەدا باسی روانگەی کارڵ پۆپەر بۆ فەلسەفەی زانست. بەتایبەتی چەمکەکانی:
پووچەڵکردنەوە (falsification)
دابڕکاری (Demarcation)

بەدەر لە سوودبەخشیی ئیندەکشن بۆ زانست، گرفتی سەرەکیی ئەوەیە کە هیچ رێگەیەک نییە بۆ جیاکردنەوە (دابڕکاری)ی زانست لە گەندەزانست.

# کارڵ پۆپەر

کارڵ پۆپەر وەک فەیلەسوفێکی زانست، هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیارێکی گرنگ بداتەوە:
کەی دەتوانین تیۆرێک وەک زانستیی پۆڵێن بکەین؟
یان
ئایا هیچ پێوەرێک هەیە بۆ زانستیبوونی تیۆرێک؟
پۆپەر هەوڵ نادات راستەوخۆ پێناسەیەکی تیۆری زانستی بکات، بەڵکو هەوڵ دەدات لەڕێگەی جیاکردنەوەی زانست لە گەندەزانست، زانستیبوون لە نازانستیبوون جیابکاتەوە.

## کارڵ پۆپەر

کارڵ پۆپەر دەڵێت بەهێزیی تیۆری زانستیی لەوەدا نییە کە ڕەتکردنەوەی سەخت بێت. چونکە هەر تیۆرێکی زۆر گشتیی کاتێک دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ بیرکردنەوە لەتوانایدایە شرۆڤەی هەموو دیاردەکان بکات بەپێی ئەم چوارچێوە بەرفراوانە.

بەپێچەوانەوە پێویستە تیۆری زانستیی زۆر ورد بێت، هەمیشە لەژێر هەڕەشەی ڕەتکردنەوە و پووچەڵکردنەوە دابێت.

نموونەی تیۆری زۆر گشتیی: تیۆری مارکسیزم، تیۆری دەروونشیکاری فرۆید، تیۆری سایکۆلۆجیای تاک (ئەلفرێد ئەدلەر).

**کارڵ پۆپەر**

**نموونە:**

**بورجەکەت دەڵێت:**

**«بەمزوانە رووبەڕووی کێشەی پارە دەبیتەوە.»**

**«لە ئایندەدا ئەزموونی خۆشەویستییەک دەکەیت.»**

**هەموو کێشە دەروونییەکان پەیوەندییان هەیە بە کپکردنەکانی منداڵییەوە.**

**کێشەی ئەم جۆرە لە «زانست» چییە؟**

**کارڵ پۆپەر**

**پۆپەر دەڵێت لە تیۆری زانستیدا گرنگ پووچەڵکردنەوەیە نەک سەلماندن.**

**هەر تیۆرێک کە شایانی پووچەڵکردنەوە نەبێت لەڕێگەی تاقیکردنەوە یان ئەزموونەوە، تیۆرێکی زانستیی نییە.**

## کارڵ پۆپەر

### مەرجەکانی تیۆری زانستی:

پووچەڵشیاویی: لەجیاتی ئەوەی شایانی سەلماندن بێت، دەبێت شایانی پووچەڵکردنەوەش بێ.
ڕەتکردنەوەشیاویی: لەجیاتی ئەوەی تەنها شایانی قبووڵکردن بێت، دەبێت شایانی ڕەتکردنەوەش بێت.
تاقیکردنەوەشیاویی: دەبێت شایانی تاقیکردنەوەی ئەزموونیی بێت، لەڕێگەی ئەزموونەوە بسەلمێنرێت، پووچەڵبکرێتەوە یان ڕەتبکرێتەوە.

## کارڵ پۆپەر

تیۆرەکان ریزبەندی دەکرێن بەپێی ئاستی پووچەڵشیاویان.
ئەو تیۆرەی ئاستی پووچەڵشیاوی بەرزترە زانستیترە لەوەی ئاستی پووچەڵشیاوی نزمە.
پێویستە تیۆری زانستی لەخۆیدا هەڵگری رەتکردنەوەکەی بێت.
بۆ نموونە کام لەمانە ئاستی پووچەڵشیاوی بەرزترە:
هەموو کانزاکان بە گەرمکردن دەکشێن.
مس بە گەرمکردن دەکشێت.

# کارڵ پۆپەر

کاتێک تیۆرێکی زانستیمان هەیە، زانستکاری راستەقینە بەدوای بەڵگەی سەلماندندا ناگەڕێت، بەڵکو بەدوای بەڵگەی پووچەڵکردنەوەدا دەگەڕێت.

هەندێک جار هەوڵی پووچەڵکردنەوە شکست دەهێنێت، ئەمەش پۆپەر ناویدەنێت: سەلماندن.

بەم شێوەیە زانست پێشدەکەوێت و دەتوانین زانست لە گەندەزانست جیابکەینەوە.